# پرپیۆزیشنی (به) له زمانی کوردیی دا

محەمەد ئەمین هەورامانی

**روشنایی : -**

نووسەران و زمانناسانی کورد ناوی پرپیۆزیشنی (بـه)یان به ناوی جۆراو جۆرەوه سەر ژمێر کردووه. بۆ وێنه، مامۆستا سەعید صدقی له کتێبی (حرف ونحو)ی کوردیی دا وەك (أدوات) ناوی (به)ی به رێك کەوت هێناوه. مامۆستا تەوفیق وەهبی لەقامووسەکەیدا وەك پرپیوزیشن و مامۆستا کۆرردۆییڤ له کتێبەکەیدا (زمانی کوردی) وەك (بەرناف)و رەشید کورد، (رێزمانی کرمانجی)، وەك (پێربەست)و کاك نووری عەلی ئەمین له کتێبی (رێزمانی کوردی)دا وەك ئامرازی پەیوەندیو نووسەری ئەم وشەیەش لەکتێبی (زارەکانی زمانی کوردیی لەترازووی بەراووردا) وەك پرپیوزیشن، ناوی (به)یان بردووه.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لەکتێبی (رێزمان و ئاخاوتنی کوردیی)دا باسێکیان بۆ پرپیۆزیشنی زمانی کوردیی تەرخان کردووەو لەوێدا پرپیۆزیشنی (به)ش سەرژمێر کراوه به وێنەش لەرستەدا بەکار هێنراوه.

د. وریا عومەر ئەمین لەگۆڤاری کاروانی ژماره (8)دا به رێکەوت پرپیۆزیشنی (به) لەرستەدا بەکار هێناوەو لەو بڕوایەش دایه که هەندێ جار پرپیۆزیشنی (به) دەبێ به (بێ).

د. کوردستان موکریانییش لەگۆڤاری (زانکۆ)، ژماره (1)ی بەرگی (7)ەم، له باسی (ناو)داو به بۆنەی هێنانەوەی هەندێ وێنەی پێویستی باسەکەیەوه پرپیۆزیشنی (به)ی بەکار هێناوەو به ناوی (ئامرازی پەیوەندی)یەوه ناوی لێ ناوه. .

له زمانناسه بێگانەکان، ئەوانەی خەریکی زمانی کوردیی بوون و من پێیان دەزانم:

یەکەم: د. سکاروز، له کتێبەکەی (گرامەری زمانی کوردیی - زاری سلێمانی)دا باسێکی تایبەتی بۆ

پرپیۆزیشن تەرخان کردووەو لەو باسەش دا بەشێوەیەکی فراوان دەربارەی (بە)، کە جۆراو جۆری واتای لەفرەیزدا بگرێتەوە، لێیەوە دواوە.

دووەم، د. مەکەنزی، ئەویش لەبەکارهێنانی جۆری پرپیۆزیشن دا ناوی (بە)ی هێناوەو لە فرەیزیش دا بەکاری هێناوە (تەماشای، لێکۆڵینەوەی زارەکانی زمانی کوردیی). بکە

لێکۆڵینەوە، دەربارەی بەکارهێنانی پرپیۆزیشنی (بە)و پەرەپێدان و بەرەوپێشەوە بردنی شان بەشانی دەوڵەمەند بوونی زمان، کە جەنجاڵی سەرەمرەی ژیان، کاریگەری سەرەمرەیەتی، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەرکی سینتاکسی و واتای سیمانتیکی و ئەرکی دیکەی، بە وردیی و قووڵی نەکراوە.

جا، لێرەدا، من ئەمەم بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی و بۆیە خۆم خستە گۆرەپانی ئەم لێکۆڵینەوەوە بە نیازی توانینی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکی پێویست بە زمانی کوردیی بۆ ئەمەش، من وام بەباش زانی کە بگەڕێمەوە، بەپێی تواناو لە بەردەستدابوونی سەرچاوە، بە مێژووی بەکارهێنانی (بە)دا وەك پرپیۆزیشنیو هەڵگرتنی شوێنەواری تاوەکو دەگاتە بەکارهاتنی ئەمڕۆی.

بێگومان گرتنە بەری ڕێرەوی هەڵەتی وەها پێویستی زۆری بە دەس ـ خستنی زانیاریی بڕوا پێ کراو هەیەو هەر لەبەر ئەوەش بوو بۆیە ئەم سەرچاوانەی خوارەوەم بەباش زانین، ئەگەرچی لە ڕاستیش دا لەمانە باشترو ڕەواتر تا ئێستاو ئەم دەمە بەرچاو نەکەوتوون، چونکە؛ یەکەم، سروودی سەرچاوەی دینیان وەرگرتووەو دووەمیش لەوە بەملاوە هۆنراوەی قۆناغ بەقوناغ.

هەڵبژاردەی دینی کە سروودی هۆنراوەیەو لە کتێبی دینی پرۆزی (یارسان) وەرگیراوەو ئەمیش لەکتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام) وەرگیراوە؛ وتنی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی هەشت صەد ساڵێ لەمەوبەرترو باوەڕیش ناکەم کەس هەبێ دڵی کرمێ بێ یاخود لووتەلابێ لە تێکستی وەها.

هەروەها بەرهەمی هۆنراوەی شاعیرەکانمان پلە بەپلەو قوناغ بە قوناغ، لە مەلای جزیرییەوە بەرەو سەیدای هەورامی یەکەم و بێسارانی و خانای قوبادی و مەولەوی وەفایی و هتد تا دەگاتە نەوەی ئەمڕو، دوابەدوای بەرهەمی دینی دا بۆ باوەڕپێ هێنان لەرووی مانەوەی ڕاست و ڕەوانی تێکستەوە.

کەژماڵکردن بە شوێن شوێنەواری پرپیۆزیشنی (بە)دا بۆ دیاری کردنی ئەرکی و ڕووالەتی و واتای لە دوێ تویێ ئاخاوتنی جۆراو جۆری هۆنراوەیی دا بۆ ناسینی دەوری سینتاکیی و واتای سیمانتیکی و ناسینی قەوارەی لەرستەدا مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە: چونکە لێکۆڵینەوەی وەها کە بەرهەمی مێژوویی درێژی ڕێرەوی زمانی کوردیی یە ولە وەچەیەکەوە دەیگرێتەوە، دەمانگەیەنێتە بڕوایەکی بتەوی سوودبەخش بە ئامادەکردن و چاککردن و بەپێزکردنی شەتڵەزاریێ بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی بە پیت و بەرەکەت بۆناسین پرپیۆزیشن (بە) لە هەموو ڕوویەکەوەو وەك ئاواتێکی دووخوازو بەرچاوخستنی (خەستە)شی وەك ئەنجامێکی نزیکخوازی هاتووە دی.

**پرپیۆزیشنی (بە) لەیارسان دا**

وتمان، بۆ هەڵگرتنی شوێن پێی بەکارهاتنی جۆر بەجۆری پرپیۆزیشنی (بە)و ناسین زوربەی ڕووالەکانی و ئەرکەکانی، لە(یارسان) دێرینترمان بە دەست نەکەوت و نەش بیستراوە لەوە کۆن تر تائەمرۆ بەرچاو کەوتبێ شایەنی باسە (یارسان)، چەندسروودو پەخشانێکی دینی پیرۆزن کە لەنێو کتێبی دینی پیرۆز (سەرئەنجام)دا وەرگیراون.

ئەگەرچی، مێژووی نووسینەوەی سەرئەنجام هێشتا بە تەواوی دیاریی نەکراوە، بەڵام ئێمە هەر لەبەر ئەوەی کە ناوەرۆکەکەی دینییەو زوربەشی هۆنراوەیە مێژووی هاتنەکایەوەو ئاشکرابوونی سەرژمێر دەکەین نەك مێژووی نووسینەوەی لە قەوارەی کتێبی سەرئەنجام ـ دا. چونکە، لای هەموولایێ ڕۆشنە پەیرەوی دینی ئەگەر هونراوەبێ و ئاوازاو سۆزداربێ چاکترو باشتر لە(گۆڕران) دەپارێزرێ و هەروەها ئاسانترو زووتر لەبەردەکرێ تاوەکو پەخشان، پاراستنیشی لەسنگ دا پێش نووسینەوەی، ئەرکی پیرۆزی سەرشانی بەرێوەبەرە دینییەکانە.

سەرئەنجام، هەروەك خۆی دەڵێ، بە زمانی کوردیی ماچۆ: واتە، بەزمانی کوردیی هەورامانی کەلە ئاخرو ئۆخری چەرخی شانزەهەمەدا (گۆران)ی لێ ناونراوە، وتراوەو نووسراوەتەوە، چونکە هەڵگری ئالاکەی لە پەردیوەر - دەوان، لەدایك بووەو بەو زمانە گۆچ کراوە.

سەرانسەری سروودەکانی (سروودەکانی - یارسان) پریپۆزیشنی (بە) بە قەوارەی (ڤە) = (وە) وتراوەو نووسراوە. جگە لەم ئاڵ وگۆرە ڕوواڵەتیە سەرپاکی کردەوەو ئەرك و واتاو ڕۆڵەکانی لەفرەیزو ڕستەدا بە پامان و زامانی وەك ئەوانەی ئەمڕۆ ماونەتەوە.

بۆ وێنە، وا هەندێ وەرگرتە لە سروودی ژمارە (یەکی) ناو (یارسان) وەردەگرین و بە دەقە لاتینیەکەی دەنیووسینەوە کە ترانسلیترەیشنەو ئەوجا بە دەقی هەورامانیەکەش دەنیووسینەوە: (Mowla va dorr bi dorr va tay

darya va dorr bar ama jehan kerd mahya

واتە:

(مەولا ڤە دوڕ بی دوڕ ڤە تەی دەریا

ڤە دوڕ بەر ئاما جیهان کەرد مەهیا).

ئەوجا دەڵێ: (Naw'e ves neya va xavendgar Ars, korsi'o fars

aowsa da qerar

واتە:

- (ناوی ڤێتس نیيا ڤە خاڤەندگار ئەرش و کورسیو فەرش ئەوسا دا قەرار)

ئەوجا: la serr'e qodrat dorest kerd alam)

(Haft tabaq va pest mahi kerd mohkam

واتە:

- (لە سرڕی قودرەت دورست کەرد عالەم، هەفت تەبەق ڤە پشت ماهی کەرد موحکەم)

«تەماشای، یارسان، 76 - 74.)

**پریپۆزیشنی (بە) لای مەلای جزیری.**

قەوارەی (ب) لای مەلای جزیری وەك پریپۆزیشن هەیە، هەر هەمان پریپۆزیشنە کە ئێستە قەوارەی (بە)ی لە زاری ئەدەبیدا وەرگرتووە. واتە، بۆمان هەیە بڵێین، بەپێی کردنەوەسەری بەرهەمەکەی، (ب)پریپۆزیشن لە ڕووی ئەرك و واتاو دەوری سینتاکسییەوە لەگەڵ (بە)ی زاری ئەدەبیدا چە جیاوازییەکی نییە. ئەو جیاوازیەی کە بەدی دەکری، تەنها ڕواڵەتی قەوارەکەیەتی کە پێك هاتووە لە تاقە دەنگە کۆنسونانتێ، هەروەك وا دەڵێن، کە ئەمە بەلای منەوە زۆر دوورە لە زانستی ی مۆرفۆلۆژ ی یەوە کە دەبێ دوو دەنگ بێ؛ کۆنسونانتێك و کورتە بزوێنێ. بۆ وێنە: -

پەیکان ب داڤێ شوبهێ طەیر
هە ژ ێ دبارن نارێ چەرخ
شەمسێ ب شەمسێ جام ب جام
حەتتا دکن دەورێ تەمام

(دیوانی مەلای جزیری، ل - 187)

لە لایەکی دیکەوە جزیری دەڵێ:

سەلاما من تەنا خوانی
سەحەرگەهـ گەوهەر ئەفشان بت
ب صورەت ئەمرێ سوبحانی
سەر ئەلقابێ زەر ئەفشان بت
ب خزمەت عەرضی سوڵطانی
عەبیر و عەنبەر ئەفشان بت

(دیوانی جزیری، ل - 541)

**(بە)لای سەیدای هەورامی یەکەم.**

(بە) لای سەیدای هەورامی هەروەك خۆیەتی. قەوارەی هەر (بە)یە، لە ئەرك دا، هەروەك هەر پریپۆزیشنێکی بزێوەو لەهیچ ڕوویەکەوە لەوەی ئەمڕۆ کەمی نەکردووەو دەوری سینتاکسی و سیمانتیکی خۆی بەباشی دەبینێ بۆ وێنە سەیدە دەڵێ:

«وێڵ وێڵ مەگێلام کۆبەکۆ
دەردم گران بی ڕۆبەڕۆ
ساحاڵ و دەردیم پەرسەتۆ)

(دیوانی صەیدی هەورامی، کاردۆخی، ل - 980)

ئەوجا دەڵێ:

تەرکو وڵاتیت کەردەمۆ
ژاراو دووریت وەردەمۆ
پەرسە بەحاڵی دەردەمۆ

خۆ کافرستانی نیۆ
(دیوانی صەیدی، کاردۆخی، ل ـ 98)
لە لایەکی ترەوە سەیدە دەڵێ :
شەرابوو عەشق و تۆ سافوو زەلاڵا
بەلەزەت وەش بنۆشای توندوتاڵا
مەدینەش پەی کەسێ تۆ دڵ نەوازی
بەبێ مەینەت جە موحتاجی سواڵا
لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :
دەمێ نیشتە چەنیم دەستە زرۆنێ
وەنەش لالام بە یاسین و کرۆنێ.
(دیوانی صەیدی، کاردۆخی، ل ـ 177)

**(بە) لای خانای قوبادی**

(بە) لای خانا زوربەی وەخت (بە)یەو ناوبەناویش (وە)یە، ئەمە لە رووی رووالەتی قەوارەوە، بەلام لەرووی دیکەوە شتێ دیار نییە کە شایەنی باس بێ، بۆوێنە خانا دەڵێ :
ـ (شانا وە پای تەخت شیرین دارا
ئاشفتەو بەدحاڵ روو کەرد نە سارا)
(شیرین وخوسرەو، ل ـ 350)
ئەوجا دەڵێ :
ـ (فەقیر جە ئێشش بە رۆژ تا بەشەومەنالا چون نای زەربنی خوسرەو)
(شیرین و خوسرەو، ل ـ 351)
لە جێگایەکی دیکەوە دەڵێ :
پەرێ وێت ئامای بە نچیر کەردەن
بە عەیش و بە نۆش بە شەراب وەردەن
(هەمان سەرچاوە، ل ـ 544)
لەلایەکی دیکەوە دەڵێ :
ـ (سا بازم جەی قەصر تەنگی بێدەردا
پەی ناکامی وێم بدەم وەسەردا)
(هەمان سەرچاوە، ل ـ 548)
ئەوجا دەڵێ
ـ (شەرت بۆ غەیر جە ئێد چەنی تۆ بەشاد
بنۆشوون بادەو خەم دەروون وەباد)
(هەمان سەرچاوە، ل ـ 552)

(بە) لای مەولەوی.
بە لای (مەولەوی)یەوە (وە) لەجیاتی (بە)یە.
بۆوێنە مەولەوی دەڵێ :
ـ (قەدەم رەنجەکەر وەلای کارەوە
بنچینەم وەتەرح مەی هۆردارەوە)
(دیوانی مەولەوی، مەلاکەریم، ل ـ 294)
ئەوجا دەڵێ :
ـ (تەبەسوم وەناز ظوڵمە زەداوە
تەکەللوم وەراز وەحشەت فزاوە)
(هەمان سەرچاوە، ل ـ 294)
ـ (موقەددیمەی خەم تاڵی ی مەزاقەن
دەك وەخەیر نەیۆ وادەی فیراقەن)
(هەمان سەرچاوە، ل ـ 294)
لەلایەکی دیکەوە دەڵێ :
ـ (سەر وەبانی عەین عەینم خەم وەردەن
هوون چوون چەشمەی عەین نەعەین سەر کەردەن)
....
ـ (موتاڵەعەم کەرد وەدەم دەردەوە
جەفاکەی وەرین جە یاد بەردەوە)
(هەمان سەرچاوە، ل ـ 439)

**(بە) لەبەرهەمی نالی ـ دا**

بۆوێنە نالی دەڵێ :
ـ (فیدای دەست و کەمانت بم . . بە تیرێ
دەپێکی سێ‌ودوو هەم تاق و هەم جووت)
(دیوانی نالی، ل ـ 150)
ـ (هە «نالی»! بەڵکو بیکێشی بە ناڵین
بناڵە دامەنیشە مات و مەبهووت)
(دیوانی نالی، ل ـ 151)
لەجێگایەکی ترەوە دەڵێ :
ـ (گەر ئەشرەف و مەحبووبە یوسف کوری پە عقووبە کچ
بوو بە خریداری یەعنی کە زولێخا کچ)
(دیوانی نالی، ل ـ 162)
لەجێگایەکی دیکەوە دەڵێ :

- (کانی دەزێن بەئاو و درەخت ئاوسن بە با
سای بەهارە بولبولە دامادو غونچە بووك)
(دیوانی نالی ، ل ـ 258)
وەفایی‌یش دەڵێ :
(کە دەستی بردو هێنا بە دولبەری بەتادا
هێنایە چەرخەوگێرای بەڕانی صافی‌دا دا)
(دیوانی وەفایی ، ل ـ 193)
(بە)لای خەلیل مونەووەرو موحەمەد کەساس
لای هەردووکیـــان (وە) لەبـاتی (بـە)یـەو ئەوان کە لە گەرمیـــانی کوردستـــان دا دەژ ین بەوجۆرەو بەو قەوارەیـە بەکاری دەهێنن ، بۆ وێنە خەلیل مونەووەر دەڵێ :
من تۆم جە قەومان وەعێلان زانا
فریادو هانام وە لای‌تۆ کیانا
گشتش مەشانی وە چنگی سەپان
بیان وەفیدای موحەمەد چۆپان
(کاروان)
موحەمەد کەساس دەڵێ :
- (گاهێ جۆش مدا کوورە حەدادم
لووا وە عەبەس ڕەنجی فەرهادم)
(کاروان ، ژ ، 5)

**کورتەی ئەمەی سەرەوە**

ئەوەی لەم بەراووردەدا دەستگیـرمـان بوو ئەوەیـە کە بە درێـژایی چەنـد سەدەبێ تائـەمـرۆ (بە)ی پریپۆزیش دوو ڕووالـەتی قەوارەیی هەیە ؛ ڕووالەتێکی دینی کە (وە)یە ، شوێنـــەواریمـــان بەرەو دواوە هەڵگـــرتـــوە تا دەگـــاتـــەوە (سـەرئـەنجـام)و دەوروبەری ساڵانی (578)ی کۆچی . ئەم قەوارەیـــە ، (وە) ، لەزاری کوردیی‌ی دینی کاکـەیی‌دا باووبـرەوی هەیـەو تا ئێستـەش هەرماوەتـەوەو زۆرتـریش ئەم بەرو ـ ئەوبـــەری سیـــروان و سەرپـــاکی ناوچـــەی شارەزوورو گەرمیانیشی گرتۆتەوە .

ئەگـەر بە وردیی تێکستـەکـانی (یارسان) بخوێنینەوەو بیـانخـەینە بەر تیشکی زانستیی زمانەوە بە ڕۆشنی بۆمان دەردەکـەوێ کە (وە) بە هەمـوو جۆرە ئەرك و ڕووالـەت و واتاو بزێوییەوە بەکار هاتووە .

خانای قوبادی ، هەروەك نەختێ لەمەوپێش ـ تر وتمان هەردوو قەوارەکەی (بە = وە) بەکار هێناوە . مەولەوی ـ ش وەك خەڵکی ناوچـەی زەهـاوبـەرە ـ (سـەرشانە)و خەلیل مونـەووەر و موحـەمـەد کەساسیش وەك خەڵکی ناوچەی گەرمیان لە جیاتی (بە) ، (وە)یان بەکار هێناوە .

ئەوەی شایـەنی باسـە ئەوەیـە ، کە تا ئەمرۆش شاعیرە کاکـــەییـــەکـان و خەڵکی ناوچـەی شارەزوورو گەرمیـان سەرانســەری دەوروپشتی درێژایی ڕووباری سیروان هەر (وە) لە جیـاتی (بـە) بەکـار دەهێنن . بەڵام ناوچـەکـانی دیکـەی کوردستـان بەپێی پشکنین بەرهـەمـەی (مـەلای جزیری) و (فەقێ تەیران)و (سەیدای هەورامی)و (نالی)و (وەفـایی) و (گـۆران)و (بێکەس) ، (بە)یان لەجیاتی (وە) بەکار هێناوە .

**ڕووالەتی قەوارەی (بە)**

لەڕووی فۆنـۆلـۆژ یـەوە (ب) لە دوودەنـگ پێـك هاتـووە ، کۆنسـۆنـانتێـك و بزوێنێـك ، هەروەهـا (وە)ش یاخـود (ڤـە)ش . لە ڕووی مۆرفـۆلۆژ ییەوە وەك قەوارە ؛ مۆرفیمێکی سەربـەخـۆ و سادەیـە ، لەقـامـووس دا بە پریپـۆزیشن سەرژمێـرکـراوە ، توانـای وەرگرتنی پێشبەندو پاشبـەنـدو ناوبـەنـدی نییـە تەنـانـەت توانـای وەرگـرتنی پاشبـەنـدی کەسی لکـاویشی نییـە . ئاڵ وگۆڕی جۆری ڕستـە ناتـوانێ ڕووالـەتی قەوارەی بگـۆڕێ ، تەنهـا ئەوە نەبێ کە لەهـەنـدێ زاردا شاردنـەوەی یاخـود قرتاندنی لە جۆرە بەکارهێنانێ‌دا ئاساییە .

هەنـدێ لە زمـانـاسان وا دێتە بەرچاویان ، کە (بێ) و (بە) یەکێك بن ، واتە ، (بێ)ش وەك پریپۆزیشن (بە) بێ لەهـەمـوو ڕوویـەکـەوە ، بەڵام لەڕاستی‌دا بەو جۆرە نییەو وەختێکیش ئەمـە زیـاتـر بەرەو ڕوونی دەچێ کە وێنـەی هەمەجۆر بۆ ئەم کێشەیە بهێنرێتەوەو بەراوورد بکرێن .

ئەوەی کە شایـەنی وتنە لێرەدا ئەوەیە ، کە وشەی (بێ) توانـای ئەوەی هەیـە واتـەی(بـە) لە تەنیا وێنەیەك دا بدا ، ئەگینا لەوە بەولاوەو لەو ڕووەوە چی‌دی لەبازدا نییە !

بیـر لەوە دەکـرێتـەوە ، کە لەوانـەیـە پریپـۆزیشن (بە)

لێکـــدراوی هەبێ، (بـــابڵێین، وەك، بەبێ ـ و ـ بەڵام ـ بن). دیـارە (بـەبێ) لێکـدراو نییـەو (بەڵام)یش لە زاری (یـارسـان)دا (وەلێ)یـە، کە لەگـەڵ (ڤە)دا چە لەرووی قەوارەو چە لەرووی ئەرکی رستـەزیی و فرەیـز سازیی و چە لەرووی سیمـــانتیکـــەوە جیـــاوازن، بە هەر حاڵ جارێ بەڵگـەی بروا پێکراوی وەها نەکەوتووەتە دەس کە دان بە لێکدراوییان دا بنێ!

کەوابـــوو بەومـــان هەیـە بڵێین، پرێپـۆزیشنی (بـە) لە رووی رووالەتی قەوارەیەوە لەفرەیزو رستەی جۆراو جۆردا بەم جۆرەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێ:

1 ـ (بە) لەهەندێ زاردا دەقرتێ، یا دەنگێکی لێ دەقرتێ ئەویش بە هۆی تێکەڵاو کردنی، یاخود تێکەڵ بوونی (بە) لەگـەڵ ئەوەی پێشـەوەی‌دا، کە وەك شیـوە لەحیم کردن، دەنگی (ب) دەقرتێ و دەنگی (ە) دەنووسرێ یاخود دەبێتە پاشبـەنـدی ئەو وشەیەی پێشەوەی. ئەو زارەی کە زۆر ئەم جۆرە قرتـــانـــدنـە بەکـار دەهێنێ زاری ناوچـەی هەولێـر خۆشناوەتی و سووڕچی و دزەییایەتی و ناوچەی گەرمیانە.

بۆ وێنە: من کەبووم بە شاهـ دەتکەم بە وەزیر

دەبێ بە: من کەبوومە شاهـ دەتکەم بە وەزیر

یاخود دەبێ‌بە: من کەبوومە شاهـ دەتکەمە وەزیر

یاخود: من کە بوومە شاهـ دەتکەمە وەزیر

ئەمە وێنەکی فۆلکلۆری‌یە:

ـ (دەچوومە دیوەخانێ

ئەفەندی‌یەك دانیشتبوو

پیری ئاخری زەمانێ)

(فولکلۆرو هۆنراوەکانی کوردەاری، ل ـ 86)

وێنەیەکی دیکە.

ـ (دەچمە شاری هەولێرێ

بە قەیسەری دوکانە).

(هەمان سەرچاوە، ل ـ 82)

لە کرمـانجی ناوچـەی بادینانیش دا، لە جۆرە رستەی وەك ئەمـەی خوارەوەدا پرێپـۆزیشنی (ب = بە) پەڕیوە، بۆ وێنە:

ئەز دبم سەیدا

ئەم جۆرە قرتـانـدنـە بۆ هاوسـەری کێشانەی ئاواز، بۆ هۆنەر رەوایە، بۆ وێنە وەفایی دەڵێ:

ـ (خاڵی گۆشەی چاوەکەی فەرمووی: (وەفایی ـ پێت بڵێم)

تا نە بوومە خادیمی مەیخانە کارم چا نەبوو)

(دیوانی وەفایی، ل ـ 104)

لەجێگایەکی دیکەوە دەڵێ:

وەکـو بولبـول بە روح و دڵ شەووڕۆژ بوومـە سەودایی

هەموو عومری عەزیزم چوو لەرێی خەندێك بە خۆرایی

(دیوانی وەفایی ل ـ 106)

2 ـ جێگا گۆڕان

هەنـــدێ جارو لە هەنـــدێ رستـــەی تایبـەتی‌دا (پێ) جێگـای پرێپـۆزیشنی (ب) دەگـرێتەوە، ئەو جێگایانەش ئەمانەن:

ا ـ هاتنی رانـاوی نەلکـاوی کەسی راستـەوخـۆ بۆکـەسی یەکـەم ودووەم سێیـەم تاك وکـۆ بە دوای (بە)دا، بۆ وێنە، بۆکەسی دووەم:

کارەکە بە تۆ دەکەم.

دەبێ‌بە: کارەکەت پێ دەکەم.

یاخود: کارەکە پێت دەکەم.

کارەکە بە ئێوە دەکەم.

دەبێ‌بە: کارەکەتان پێ دەکەم.

یاخود: کارەکە پێتان دەکەم.

ب ـ هاتـنـی رانـــاوی نەلکـــاوی کەسی سێیـــەم (تاك وکۆ)، بۆوێنە:

ـ کارەکە بە ئەو دەکەم.

ـ کارەکەی پێ دەکەم.

ـ کارەکە پێی دەکەم.

هەروەها: کارەکە بە ئەوان دەکەم.

ـ کارەکەیان پێ دەکەم.

ـ کارەکە پێیان دەکەم.

ج ـ ئەگـەر لەبـری ئەم رانـاوکـەسییـە نەلکاوانە، ناوێکی

تایبەتی یا زیاتر هات، هەرهەمان دەستوور، یاساکە ڕێرەوەکەی خۆی گرتووەتە بەر، بۆ وێنە :
- کارەکە بە ئازاد دەکەم.
دەبێ بە : کارەکە بە ئەو دەکەم.
کارەکەی پێ دەکەم.
کارەکە پێی دەکەم.
3 - هەندێ‌جار بۆ کێشی ئاوازی هۆنراوە، شاعیر بۆی هەیە پریپۆزیشنی (بە) لاببا ئەگەر هاتوو (ئاماژە = ئیشارەت)ی دیکەی بۆ کرابێ، بۆ وێنە : -
- (بە بوون و نەبوون
بە دەستی گەردوون
لە خزمەت کردن
نابم تامردن).
(بەختیار زێوەر، هاوکاری 12/ 1 / 984)
ئەگەر لەبەرخاتری کێشی شیعر نەبوایێ و لایەنی ڕستەسازیی بگرتابایە دەبوایێ بیوتایە :
(بە بوون و بە نەبوون)
* ڕۆڵی پریپۆزیشنی (بە) لەوشەسازییدا
1 - قەوارەی پێك هاتووە لە دوودەنگ یەکێکیان کۆنسونانتی (ب) یاخود (ڤ) = (و) ئەوی دیکەیان بزوێنی (ە)، لەسەرپاکی زارەکوردییەکان دا جگە لەکرمانجی ژووروو کە لە جیاتی ئەمە (کورتە - ژێرێکی) هەیە. لەقاموسدا ناوی وەك وشەیەکی سەربەخۆ وەك پریپۆزیش هەیە و کەرەسەیەکی زۆر بزێوی زمانەو بە بەراووردکردنی لەگەڵ هاوسەری لەزمانانی بێگانەدا چەند واتایێ دەگەیەنێ، بۆ وێنە د. مەکارۆز زیدەتر لە حەوت واتایەکی بەزمانی ئینگلیزی بۆ لێك داوەتەوە (تەماشای : گراماری زمانی کوردیی زاری سلێمانی، ل - 76)
2 - ئاڵ وگۆڕی داتاشین و لێ‌وەرگرتن و بەندسازیی پێی ناوێرێ!
3 - توانایەکی زۆر گورج وگۆڵ وورپای هاریکاریکردن بۆ مەبەستی وشەسازیی هەیەو زوربەی ئەو توانایانەش بەم جۆرەی خوارەوەیە : -
ا - توانایی ئەوەی هەیە بکەوێتە پێشەوە هەندێ ئامرازی پرسەوە قەوارەو جۆری ئەوپرسەوواتاکەی بگۆڕێ، بۆ وێنە :

| | |
|---|---|
| چەند؟ | دەبێ بە : بەچەند؟ |
| چی؟ | بەچی؟ |
| کێ؟ | بەکێ؟ |
| کام؟ | بەکام؟ |

ب - هەندێ وشە، بەهۆی پریپۆزیشنی (بە)وە بۆپێکهێنانی زاراو دوویات دەکرێتەوەو زۆرتر وەك ناوێکی لێکدراو کاری خۆی دەکا، بۆ وێنە :
دەس بەدەس، ژن بە ژن، وەج بە وەج، کیلە بە کیلە، سەر بە سەر.
ج - (بە) دەچێتە نێوان دوو وشەوەو وشەیەکی لێکدراوی زاراوەرەنگ دروست دەکەن، بۆ وێنە وەك :
دەست بە ئەژنۆ، سە بە گۆبەند، دەست بە سەر
د - (بە)ی پریپۆزیشن دەکەوێتە پێش هەندێ ناوەوە، دەیکا بە ئاوەڵکردار، بۆ وێنە :

| | |
|---|---|
| - جوانی | ناوە |
| - بەجوانی | ئاوەڵکردارە |

بەم بۆنەیەوە هێمن دەڵێ :
هیچ کەس بەوکارە ناڵی ئازایی
خۆ بەکوشت بدا پیاو بەخۆڕایی
(تاریك و روون، ل - 205)
ز - (بە)ی پریپۆزیشن پێش هەندێ(ناو) یاخود هەندێ فرەیز دەکەوێ و دەیکا بە سوێند، بۆ وێنە وەك.
(خوا) : ناوە
بەخوا : سوێندە
سەری‌تۆ : فرەیزی ناوی‌یە
بە سەری‌تۆ : هەرفرەیزی ناوی‌یە بەلام سوێندە.
ح - (بە)دەکەوێتە پێش هەندێ ئاوەڵناوە وە کەپێك هاتووە لە دوویات کردنەوە وشەیەکی دەنگاوی و ئاوەڵکارێکی لێ دروست دەکا، بۆ وێنە :
فشە فش : ئاوەڵناوە
بەفشە فش : ئاوەڵکارە

قیژەقیژ : ئاوەڵناوە
بەقیژەقیژ : ئاوەڵکارە.

**رۆڵی (بە)ی پریپۆزیشن لە فرەیزسازیی‌دا :**

لەبەر هاتنە ناوەوەی ناوی فرەیز، بەلای کەمییەوە پێویستە کورتە ناوونیشانێکی بخرێتە بەرچاو.

بە لای منەوە فرەیز بریتی‌یە : لە پێکهاتنێکی زمانییانە، تەنیا وشەیەکی سەرەی تێدایە لەگەڵ ناوونیشان هەڵدەری‌دا، وەك مەرجیش، دەبێ وشەیەکی دیکە بتوانێ ئەرکی ئەو فرەیزەی ئەوپێکهاتنە بگرێتە ئەستۆو جێگای بگرێتەوە.

بەو پێیەی سەرەوە دەتوانین بڵێین (بە)ی پریپۆزیشن وەك کەرەسەیەکی زۆر سوودبەخشن و بزێو توانای بەشدار کردنی ئەم جۆرە فرەیزانەی هەیە :

1 ـ بەشداربوون لەپێکهێنانی فرەیزی ناوی‌دا، بۆ وێنەوەکو:

تاتا کە بەداو زوڵفی وەکو سونبولی‌بادا
گوڵ دەستەیی شەوبۆبوو بەبەرگی گوڵی‌دا دا
(دیوانی وەفایی، ل ـ 199)

لە جێگایەکی دیکەوە وەفایی دەڵێ :

ـ (شەوبۆی گوڵ و نافە لەدەم بادی صەبادا شێخم
بەهەوای زوڵف و دڵ و دینی بەبادا)
(دیوانی، وەفایی، ل ـ 199)

ب ـ بەشداربوونی لەپێکهێنانی فرەیزی ئاوەڵناوی‌دا، بۆ وێنە، وەکو:

ـ (پەخشانە ئاڵ و والاکەم
ئەفسانە زۆر بەچێژەکەم)
(جەمال شارباژێری، کاروان، ژ ـ 15)

ح ـ بەشداربوونی لەپێکهێنانی فرەیزی ئاوەڵکاریی‌دا، بۆ وێنە، وەکو : ـ

1 ـ چۆنیەتی : ـ

دەس بە کەلەپچە زنجیر لە پێما
تەوقی نەزاتی وا لەگەردنما
(ئەخۆل، کاروان، ژ ـ 14)

2 ـ بۆجێگا : ـ

ـ (ماندوو بوو ئارەق بە رووان دا دەرژێنێ
بەرگی گوڵ و نەسرین بەگوڵاوی دەرشێنێ)
(وەفایی، ل ـ 139)

یاخود دەڵێ :

ـ (گریانی دڵانە لەسەر ئەو زوڵفە بە روودا
یا ناڵەیی مۆرغانی شەب ئاوێزی بەیانە)
(وەفایی، ل ـ 140)

3 ـ هی کات.

تۆ رۆژی درەخشان و ئەمن شەو وەکو زوڵفت
سەرگەشتە لە دووی تۆ دەگەڕێم خانەبەخانە
(وەفایی، ل ـ 140)

**واتای (بە)ی پریپۆزیشن لەفرەیزدا**

ا ـ د. مکارۆز، واتای جۆراوجۆری پریپۆزیشنی (بە)ی بەم جۆرەی خوارەوە بەزمانی ئینگلیزی لێکداوەتەوە.

1 ـ بە واتای(against) : هەولێری بە مریشك ناوێرێ (مکارۆز)

2 ـ بە واتای(with) : بە ئاوی سارد ریش بتاشە (مکارۆز)

3 ـ بە واتای(to) : بە قادر ئەڵێم چۆنی؟ (مکارۆز)

4 ـ بە واتای(in) : بەکوردیی، (مکارۆز)

5 ـ بە واتای(during) : بەشەو، (مکارۆز)

6 ـ بە واتای(adjectival expression) : بە قووەت، (مکارۆز)

7 ـ بەو واتای(oath) : بەخوا، (مکارۆز)

8 ـ بەواتای(purpose) : هات بە کرینی (مکارۆز)

(تەماشای : گرامەری زمانی کوردی، ل ـ 76)

ب ـ زێدە لەو واتایانەی سەرەوە کە لەلایەن د. مکارۆزەوە بە زمانی ئینگلیزی لێکدراونەتەوە (بە)ی پریپۆزیشن بۆ واتای دیکەو مەبەستی دیکە سیمانتیکی بزێوانە کاری خۆی دەگێرێ.

1 ـ بۆ پێکهێنانی ئیدیۆم، کە لەراستی‌دا واتاکەی دوورە لە واتای ئەو وشانەوە کە ئیدیومەکەیان دروست کردووە، بۆ وێنە :

ـ (دەست بەئەژنۆ) : واتای لارەملی و کزی و ماتەمی دەدا هەروەها واتای بێ‌دەستەلاتی‌ رش دەدا.

- (دەست بەسەر) : واتای ئەوە دەدات کە یەکێ بە ئازادی نەتوانێ بگەرێ، یاخود جێگای هەڵس وکەوت و سنووری جم وجووڵی دیاری کراوە.
- (وەج بە وەج) : واتە : پارە لەمەیدان دا نییەوشت دەگۆڕێتەوە بەشی دیکە، بۆوێنە گۆڕینەوە (گوێز) لەگەڵ (گەنم)دا..
2 - لەگەڵ هەندێ ناودا هاوکاری دەکەن، واتە : پرپیۆزیشنی (بە)دەکەوێتە پێشەوەی ئەو ناوەو واتای زۆری جۆری ئەو ناوە دەبەخشێ.
(بەر) : ناوە
(بە بەرە) : واتای، ئەوەدەدا، کە درەختەکە بەری زۆرە
- (دەم) : ناوە
- (بە دەمە) : واتا، قسەزانە، لە هەمووکێشەیەك دا توانای خۆپەرینەوەی هەیە.
- (بە پێیە) : واتا، توانای زۆری رۆیشتن بەرێوەی هەیە
- (بە دەستە) : واتا، دەست رۆیشتووە، کە واتای دەوڵەمەندی تێدایە.
- (بەجەرگە) : واتای، ئازایەتی دەدا. یاخود، ئازایە.
- (بەکردە) : واتای، دنیا دیدەیی تێدایە.

3 - جۆری واتای دیکەی زۆری هەیەو ئەمانەش هەندێکیانن : -
- بە واتای نەمانی وەخت و وادە : بەسەرچوو
- بەواتای (لێرە) : (بەئێرەدا رۆیشت)،
: واتا : لێرەو رۆیشت.
- بە واتای (لەوێ : بەئەویدا زۆیشت،
واتا : لەوێ وەرۆیشت.
- بە واتای دیاریکردن، یاخود زانینی نرخ، وەك
بەچەند؟
- بە واتای ناسینی (کارا)، وەك :
بەکێ؟
- بە واتای زانینی شت یاخود هۆ وەك.
بەچی؟

4 - بە واتای پاشبەندی (- دار)، بۆ وێنە وەك :
(بەهێز)، کە واتای، (هێزدار) دەدا.
(بەچێژ)، کەواتای، (چێژدار) دەدا.
(بەباوك)، کەواتای، (باوکدار) دەدا.
5 - بەواتای پاشبەندی (- بار) بۆ وێنە وەکو:
(بەتاوان)، کە واتای، (تاوانبار) دەدا
(بەخەم)، کەواتای، (خەمبار) دەدا
6 - بە واتای پاشبەندی (- جان)، بۆ وێنە وەکو:
(بەگران)، کە واتای، (گران جان = گرانجان) دەدا
(بەهەزران)، کەواتای، (هەرزانجان) دەدا

**کردەوەی سینتاکسیی پرپیۆزیشنی (بە).**

پرپیۆزیشنی (بە(. کەرەسەیەکی بزێوی سوود بەخشی فرەیزەو هەروەها هی رستەشە ئەو فرێرەسینتاکسییەی کە بەیاریدەی پرپیۆزیشنەوە پێك دێ پێتی دەوترێ (فرەیزی پرپیۆزیشنەڵی). ئەم فرەیزە، واتە : (Prépositional - Phrase)، لەرستەسازیدا رۆڵی زۆر گرینگ دەگێرێ و بەلای منیشەوە ئەمانە دەورەگرینگەکانن :-
أ - رۆڵی ئەدڤێربەڵی جێگا، بۆ وێنە وەکو:
- (کابرا بەناوکشت وکاڵەکەدا تێپەری.)
- (کەوەکە هێمنی دەڵێ :
- (خۆی بەئاودا دا بۆهەوەس چووك پێی وابێ پاش ئەوکچ نابێ بە بووك) (تاریك وروون، ل - 205)
ب - دەوری ئەدڤێربەڵی چۆینەتی، بۆ وێنە وەکو:-
هێمن دەڵێ :
- (بە پەلە قاژە گوڵی هێنا دەست هاویشتی بۆلای کیژی دبدەمەبست). (تاریك وروون، ل - 203)
ج - رۆڵی ئەدڤێربەڵی (کات)، بۆوێنە وەك هێمن دەڵێ :
- (نەیماباوو هۆش و هەداداان وخەوئۆقرەی برابووبە رۆژ و بەشەو) (تاریك وروون، ل 201)
د - رۆڵی ئەدڤێربەڵی چەندان (Quantity). بۆ وێنە وەك
- (بە دووگەز جاوەوە خەونی دەبینی ئەوی عەمباری شای پرکرد لە پەممۆ) (هێمن، تاریك و روون، ل - 66)

**رۆڵی دیکەی سینتاکسی پریپۆزیشنەڵ فرەیزی (بە)**

1 ـ ئەو پریپۆزشنەڵ فرەیزەی کە قاڵبی ئیدیومی وەرگرتووە توانای گرتنی ئەم جێگا سینتاکسیانەی هەیە : ـ

أ ـ توانای ئەوەی هەیە کە جێگای (نیهاد) بگرێ ، بۆ وێنە وەك :

ـ ژ ن بەژ ن نەرێتێکی کۆنە!

ـ وەج بە وەج پارەی ناوێ.

ب ـ رۆڵی (کارا) دەبینێ ، بۆ وێنە وەك :

ـ ژ ن بەژ ن دوژمن ـ کارێ بەرپادەکا!

ح ـ رۆڵی (بەرکار) دەبینێ ، بۆ وێنەوەك :

ـ ژ ن بە ژ ن ـ یان کرد بۆیە وابوو!

د ـ دەوری (گوزارە) دەبینێ ، بۆ وێنە وەك :

ـ پەشیمانی زاردەی ژ ن بە ژنە .

ـ ئەوان وەج بەوەجیان کرد

2 ـ ئەو پریپـــۆزیشنـەڵ فرەیـزەی کە ناوێکی تایبـەتی لێ پێك دێ، بۆ وێنە وەك (گوڵ ـ بەدەم) وناوی دیکەش وەك (گوڵە بە رۆژە توانای بینینی ئەرکە سینتاکسیەکانی ناویان هەیـــە ، کە وەك (کـــارا) و (بـەرکـــار) و (دیـــاری‌کـەرو) و دیاری‌کراو (مضاف الیه ومضاف) (الموصوف و الصفه) و (سەبجێکت و پریدیکەیت) هتد . . . بن ، بۆ وێنە :

ـ گوڵبەدەم شووی کرد

ـ ئەو گوڵبەدەم ری خواست .

ـ نووسین گوڵبەدەم دیاریی‌یە .

ـ گوڵبەدەم ری نەبەز نووسەرە .

ـ گوڵبەدەم پسپۆرە .

3 ـ پریپۆزیشنەڵ فرەیزی جۆری‌دیکەش ، بۆی هەیە ، کە

ا ـ رۆڵی گوزارە ببینێ ، بۆ وێنە وەك :

ـ (سووتام ، بە ناری فیرقەتێ ، ساقی کەرەم کە شەربەتێ
وەکو قەقنەس ئاورم کەوتێ ، یاغەوثی ثانی هیممەتێ)

(وەفایی ، ل ـ 179)

لە جێگایەکی دیکەوە دەڵێ :

ـ (تۆ هەر بە جەفا مەیلی وەفایی‌تە عەزیزم
مەعشووقە دەبێ بەوەفا هەم بەجەفابێ)

(وەفایی ، ل ـ 170)

ب ـ پریپــۆزیشنـەڵ فرەیـزی(بـە) بۆی هەیە جێگەداریی دەوری بەرگا ببینێ ، بۆ وێنە وەك :

(بەوەفا بە ، کە دەشمکوژی بە موبهەم وەرەسەر
دا نەڵێن عاشیقی بێ میهر و وەفا سەرسەرییە)

(وەفایی ، ل ـ 162)

ج ـ پریپۆزیشنەڵ فرەیزی(بە) بۆی هەیە رۆڵی دیاری‌کراو ببینێ ، بۆ وێنە وەك :

ـ (لێوی‌وشك و بەباری‌من دەیەوێ
هەڵمژێ لێوی گۆشتن و ئاڵت)

(هێمن ، تاریك و روون ، ل ـ 220)

د ـ پریپــۆزیشنــەڵ فرەیــزی (بـە) توانـای بەشـداربـوونی دەوری (دیاری‌کەری) هەیە ، بۆ وێنە وەك :

ـ (ئاوێزانی بوو گرتی لە ئامێز
گوشی بە باهۆی مەردانەی بەهێز)

(هێمن ، تاریك و روون ، ل ـ 202)

**سەرچاوەکان**


1 ـ کتێبی (صرف و نحوی کوردیی) سەعید صدقی

2 ـ دەستووری زمانی کوردی ـ تەوفیق وەهبی

3 ـ زمانی کوردی ـ کوردۆییف .

4 ـ رێزمانی کرمانجی ـ رەشید کورد

5 ـ رێزمانی کوردی ـ 960) نووری عەلی ئەمین .

6 ـ رێــزمــانی ئاخــاوتنی کوردی ، بەپێی لێکـۆڵینـەوەی لیـژنـەی زمـان و زانستەکانی ـ چابچانەدا کۆری زانیاری کورد 1976 .

7 ـ زانکـــۆ ، بەرگی حەوتـــەم ، ژمـارە (1) ناولەرستـەی کوردی‌دا . د . کوردستان موکریانی .

8 ـ کاروان ژمارە (6) ، (12) ، (13) ، (14) ، (15) .

9 ـ تاریك و روون ، بنکەی‌پێشەوا ، بەغدا 1974 . هێمن

10 ـ دیوانی وەفایی ـ محمد علی قەرەداخی ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد بەغدا ، 1978 .

11 ـ دیــوانی مەولــەوی ، مەلا عبــدالکــریم مدرس ، چاپخانەی (النجاح) بغداد ، 1961 .

12 ـ شیـرین وخوسـرەو، خانـای قوبـادی، محمـدی مەلاکریم، چاپخانەی کۆری زانیاریی کورد بەغدا 1975

13 ـ دیوانی مەلای جزیری ـ صادف بهاءالدین ئامێدی، کۆری زانیاری کورد بەغدا، 1977

14 ـ دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس، فاتح عبد الکریم، کۆری زانیاری کورد بەغدا 1976.

15 ـ دیـوانی صەیدی هەورامی، کاردۆخی، چاپچانەی کامەران، سلیمانی ـ 1971.

16 ـ هاوکاری ژمارەی رۆژی 12 / 1/ 984

17 ـ دیـوانی گۆران ـ محمـد مەلاکـریم، چاپخـانـەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا 1980

18 ـ هۆزانقـانی کورد ـ صادق بهـاءالـدین ـ چابخانەی کۆر بەغدا 1981

19 ـ سروودهای یارسان ـ ماشاءالله سوری ـ اردیبهشت ـ 1344

20 ـ زاری زمـانـی کوردی لە ترازووی بەراووردا، محـەمـەد ئەمین هەورامانی چاپخانەی المؤسسة العراقیة للطباعة، بەغداد، 1981

21 ـ فۆلکلۆری هۆنـراوەکـانی کوردەواری ـ محمد کریم شریف ـ چابچانەی ـ الشمال ـ کرکوك، 1974

22 - A Kurdish Grammar, Descriptive Analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq by Errest N. Mecarus.

23 - Kurdish Dialect Studies - 1, by D. N. Mackenzie. London Oxford University press, Newyork Toronto, 1961.

24 - An Outline of English phonetics, by Daniel Jones, Canbridge, W. Heffer & Sons LTD.

25 - A Kurdis English Dictionary, by Taufiq Wahby and C. J. Edmonds. Oxford, At the Clarendon press, 1966.

ـ تێکـرا عیراقیەکان جەنگاوەرێکی دلێر ن ، لە مەیدانی جەنگی رەواماندا.

ـ بۆ ئێـوە ئەی منـدالآنی عیراق ، نەمری و سەربەرزی ، کەوبـاوکتـان لە بەرەکـانی جەنگ ، بۆتانی بەدی ئەهێنن .

ـ نووسـەر و هونـەرمـەنـدانمـان ، دەنگی دلێری گەلن لە مەیدانی جەنگی رەواماندا